# کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## توێژینەوەیەکی شیکاری یاساییە

ID No. 970

(PP 151 - 171)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.34.8

پ.ی.د. كمال أنور يابە
بەشی یاسا،کۆلێژی یاسا ،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
kamal.yaba@su.edu.krd

محمد عبدالقادر صالح
بەشی یاسا،کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
mohammed.shexany@gmail.com

وەرگــــــرتن: 2023/2/16
پەسندكردن : 2023/4/1
بڵاوكردنەوە : 17 / 09 /2023

پوختە

باجی فرۆشراوەکان باجێکی گشتیەو لەسەر زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەسەپێندرێت ، قورسایی باجەکە لە کەسی فرۆشیارەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەکاربەری کۆتایی کاتێك ئەم کەلوپەلە دەکرێت یاخود ئەم خزمەتگوزارییە بەکاردەهێنێت ، و ئەم باجە جیاوازە لەگەڵ باجی نرخی زیادکراو چونکە باجی نرخی زیادکراو دەسەپێندرێت بەسەر هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان هەتاوەکو گەیشتن بە کەسی بەکاربەر .

بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنێکی یاسایی یەکخراوە بۆ باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان و عێڕاقدا، جگە لەم بڕیار و ڕێنمایانەی ساڵی 1997 عێراقی بۆ سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان بەسەر هۆتێل و چێشتخانەکانی پلە نایاب ، هەروەها لە بوودجە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێڕاق لە سالانی 2015 تاوەکو 2021 ، وە لە هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە 96 سالی 2021 ئەنجومەنی وەزیران و ڕێنمایی دارایی ژمارە 9 سالی 2021 وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، ئەمانەش تەنها باسی لە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان و نرخەکەی دەکات بەلام بەشێوەیەکی پەرش و بلاوە و ڕێکنەخراوە، بابەتەکانی تری وەك ئەرك و مافەکانی باجدەر و ڕێکخستن و تانەدان و چۆنیەتی سزادانی باجدەری سەرپێچیکار ڕەوانەی یاسایی باجی دەرامەت (قانون ضريبة الدخل ) دەکات ، کە ئەویش جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ باجی فرۆشراوەکان لە رووی سەپاندنی، ئەمەش کێشەی یاسایی وتەکنیکی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە یاسایەکی تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان هەبێت کە هەموو ئەحکامەکانی لە خۆ بگرێت و ئامادە کرابێت لەلایەن کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون لە بواری باج. بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوە تیشك دەخەینە سەر دوو باسی سەرەکی، لە باسی یەکەم باس لە ناساندنی باجی فرۆشراوەکان دەکەین، وە باسی دووەم تایبەت دەکەین بە کیشە یاسایی وتەکنیەکانی بەردەم یاسای باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

کلیلە ووشەکان: باجی فرۆشراوەکان، تۆمارکردن، کەلوپەل و خزمەتگوزاری، باجی ڕێژەیی، باجی ناڕاستەوخۆ

## پێشەکی

لە ڕاستیدا باج ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مروڤدا، بەتایبەت لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ، ئەم ڕۆڵەش زیاتر بوو بە زیاتربوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە وە

**دابینکردنی خەرجی پێویست بۆ پڕکردنەوەی ئەم خەرجییانە لەلایەن دەوڵەت، پێشکەوتن لە چەمکی دارایی حوکمەت و سیاسەتی گشتی دەوڵەت وایکرد دەوڵەت بیر لە سەپاندی جۆری نوێی باج بکاتەوە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی خەرجیەکانی و بەدەستهێنانی داهاتێکی زیاتر، ئابوری هەرێمی کوردستان بە سروشتی خۆی جیاوازە لە ئابوری دەوڵەتانی تری دواکەوتوو یان تازە پێگەیشتوو، چونکە کوردستان خاوەنی کۆمەڵێك سەرچاوەی سروشتی و مرۆییە، کەوا لە دەوڵەتانی تری ناوچەکە جیای دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی خەرجیەکانی بەشێوەکی سەرەکی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بەپێچەوانەی هەندێك لە دەوڵەتانی دەوروبەر و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەب، کەوا ئێستا ئەم دەوڵەتانە وردە وردە لە پشت بەستن بەداهاتی نەوت بۆ پڕکردەوەی خەرجیەکانیان دووردەکەونەوە و پشت بە سەرچاوەی تری داهات دەبەستن . ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغی گۆڕانکاری ئابوریدایە لەمیانەی زیاد بوونی فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ، ئەم بارودۆخە وایکرد کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبستێت بە دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابوری خۆی چونکە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بنیاتنانی داهاتو و ئابوریەکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان، لەناو ئەوانەشدا داڕشتنەوەی سیاسەتی باج لە هەرێمی کوردستان یەکێك بوو لەم کارانەی کەوا گرنگیەکی زۆری پێدرا و سەر لە نوێ داڕێژرایەوە.**

**لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکاریانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە بواری باج ڕوویدا، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی باج و پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان، بریتی بوو لە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنمایی ژمارە (9)ی ساڵی 2021، کەوا بە گوێرەی ئەم ڕێنماییە ئەم باجە دەخرێتە سەر شوێنە گەشتیارییەکان کەوا چوار ئەستێرە بەسەرەوەن، کە ئەوانیش هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و کافتریا و باڕ و یانەی شەوان و شوێنەکانی هاوشێوەیان، کە چوار ئەستێرە بەسەرەوەن دەگرێتەوە.**

**گرنگی توێژینەوەکە:**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کەوا باج لە سەردەمی ئێستادا یەکێکە لە گرینگترین سەرچاوە لە سەرچاوەکانی داهات، بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت لە بودجەدا، باجی فرۆشراوەکانیش یەکێکە لەم باجانەی، کەوا دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستە دەیسەپێنێت، بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە سەرچاوەکانی داهاتەکانی دەوڵەت دادەنرێت.**

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

**ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە بەدەرخستنی ئەم کێشانەی هاتووتە پێشەوە، لە جێبەجێکردن و سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا و کاریگەرییەکانی سەپاندنی ئەم باجەیە لەسەر لایەنی باجدەر، کە بە کۆکەرەوەی باجەکە و دانی بە لایەنی پەیوەندیدار دەناسرێن.**

**کێشەی توێژنەوەکە:**

**کێشەی توێژینەوەکەمان نەبوونی ڕێکخستنێکی یاسایی یەکخراوە بۆ باجی فرۆشراوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا ئەوەی هەیە لە یاسای عێراقیدا جگە لەم بڕیارانەی پێش ساڵی 2003 بۆ سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان بەسەر هۆتێل و چێشتخانەکان هیچی تر نیە پەیوەندی بەم باجەوە هەبێت، وە لە دوای ساڵی 2٠03 دا لەبودجە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق دا باسی لە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی پەرش و بڵاوە و ڕێکنەخراوە، واتە کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان، کەوا هەموو ئەحکامەکانی سەپاندنی ئەم باجە لەخۆ بگرێت، ئەم باجە بەگوێرەی یاسای بووجە و چەند بڕیارێك سەپێنراوە کەوا چەند بڕگەیەك لەخۆ دەگرێت و تەنیا باسی سەپاندنی باجەکە و نرخی باجەکە دەکات ،ئەوەی دەمێنێتەوە لە بابەتەکانی ڕێکخستن و تانەدان و چۆنیەتی سزادانی باجدەری سەرپێچیکار و بابەتەکانی تری ڕەوانەی یاسای باجی دەرامەت (ضريبة الدخل) دەکات ، کە ئەویش جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ باجی فرۆشراوەکان لە ڕووی سەپاندنی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.**

**ڕێبازی توێژینەوە:**

**لەو توێژینەوەماندا ڕێبازی شیکاری یاسایی دەگرینەبەر بۆ ئەو دەقە یاساییانەی کە لە یاسای بودجە و یاسای باجی دەرامەتدا هاتووە لەگەڵ و ڕێنمایی و بڕیارانەی کەوا پەیوەستن بەناونیشانی توێژینەوەکەمان، لە هەمان کاتدا پشت بە لایەنی پراکتیکی دەبەستین، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی توێژینەوە کەمان و گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان، ئەویش بە سەردانیکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی باج، تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکەمان لەهەر شوێنێك پێویست بکات.**

**پلانی توێژینەوە:**

**لەپێناو لەخۆگرتنی تەواوی بابەتەکانی توێژیەوەکە، هەڵساوین بە دابەشکردنی توێژینەوەکەمان بەسەر دوو باسدا، بەجۆرێك لە باسی یەکەمدا باسی ناساندنی باجی فرۆشراوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەم باسەش دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەر، بەجۆرێك لە تەوەری یەکەم پێناسەی باجی فرۆشراوەکان و تایبەتمەندییەکانی دەکەین، و لە تەوەری دووەم باسی بیانووەکانی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان ، باسی دووەم تایبەت دەکەین بە کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، کە ئەم باسەش دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەر، بەشێوەیەك لە تەوەری یەکەم باسی کێشە یاساییەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین و لە تەوەری دووەمدا باسی کێشە هونەرییەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان دەکەین.**

## باسی یەکەم

## ناساندنی باجی فرۆشراوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

**لە هەرێمی کوردستاندا باجی فرۆشراوەکان بابەتێکی تازە و نوێیە، کەوا مێژوویێکی دوور و درێژی نییە لەچاو جۆرەکانی تری باج ، مێژووی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2020، کەوا لەم ساڵەدا لە دەرەنجامی ئەو دۆخە ئابورییە نەخوازراوەی هاتبووە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو دابەزینی نرخی نەوت و تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند و نەناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداد زۆربوونی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری خێرا بۆ ئەم دۆخە نەخوازراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێوشوێنی گرتەبەر، لەوانە حوکمەتی هەرێمی کوردستان 11 بڕیاری نوێی دەرکرد، بە ئامانجی ڕێکخستنی میکانیزمی کۆکردنەوەی باج، کەواتە سەرەتای دەرکەوتن و ناسینی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر کۆن نیەو شتێکی نوێیە .**

### تەوەری یەکەم

### پێناسەی باجی فرۆشراوەکان وە تایبەتمەندیەکانی

**باجی فرۆشراوەکان کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە و تایبەتمەندییەکانی دیاریکراوە، بۆیە ئەم دادخوازە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، بەم شێوەی خوارەوە:**

#### لقی یەکەم - پێناسەی باجی فرۆشراوەکان

**یاسادانەرانی باج هەڵوێستیان جیاوازە دەربارەی پێناسەکردنی باجی فرۆشراوەکان، لە هەندێکیاندا پێناسەی باجی فرۆشراوەکان نەکراوە وەکو هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی کە بەم هەڵوێستەی وەرگرتووە، چونکە لە عێراقدا باجی فرۆشراوەکان بەپێی بڕیارەکان و دەقە یاساییەکان لەناو بودجەی گشتی دانراوە، بە پێچەوانەی هەڵوێستی یاسادانەرانی وڵاتانی تر، وەکو یاسادانەری ئوردەنی و یاسادانەری مسڕی کەوا ئەم دەوڵەتانە بەیاسایەکی تایبەت هەڵساون بە**

ڕێکخستنی سەرجەم ئەحکامەکانی تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان لە وڵاتەکانیان و لەناو ئەم یاسایەش پێناسە ئەم باجەیان کردووە (البیومي،٢٩،٢٠١٧) ، لە عێراقدا تەنها ئەوە نەبێت کەوا لەناو ئەم نووسراوەی دەرچووە لەلایەن دەستەی گشتی باجەکان لە عێراقدا بە پشت بەستن بە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی 18 یەکەم لە یاسای بودجەی حکومەتی عیراقی یەکگرتوو ژمارە (1) بۆ ساڵی 2019 ، کەوا لەم یاسایەدا هەڵسا بەدەرکردنی کۆمەڵێك ڕێوشوێن و پێناسەکردنی باجی فرۆشراوەکان بەم شێوازەی خوارەوە، یاسای باجی فرۆشراوەکان باجێکی ناڕاستەوخۆیە کە سەپێندراوە بەسەر خزمەتگوزاری پڕکردنەوەی کارتی مۆبایل و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە ڕێژەی(20%)لەسەر خزمەتگوزاریەکانی کەوا پێشکەش دەکرێت لە هۆتێل و چێشتخانەکان بە ڕێژەی( 10% ) (الفقرة 1 من المادة 18 من قانون الموازنة العامة لجمهورية العراقي رقم 1 لسنة 2019 )، تێبینی لە ئێستادا ئەم باجەی فرۆشراوەکان کە پێشتر لەسەر مۆبایل و تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەبوو هەڵوەشاوەتەوە لە تەواوی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە( ٢٠٦) لە بەرواری (٢٢ /١١/ ٢٠٢٢)

یاساناسانی دارایی چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ باجی فرۆشراوەکان لەوانە " باجی فرۆشراوەکان پابەندیەکی دارایی نەختینەی ناچارکەرە، کەوا دەسەپێندرێت لەکاتی فرۆشتنی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، جا لە دەرەوە هێنرابن یاخود بەرهەمی ناوخۆیی بێت بەپێی دەقەکانی یاسا، ئەگەر هاتوو ئەم کەلوپەلە یان ئەم خزمەتگوزارییە پەراوێز نەخرابێت لەم باجە بەدەقێکی یاسایی تایبەت"، کڕیاری کۆتایی بارگرانی باجەکەی دەکەوێتە سەر بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی کەسی بکرێت، وەردەگیرێت لەلایەن کڕیاری کۆتایی کە نوێنەری دەسەڵاتی داراییە باجەکەی پێدەدات بە شێوەی خولی نەك ساڵانە بەپێی یاسا، ئەم باجە دەسەپێندرێت یان لێی خۆش دەبێت بەگوێرەی ئامانجە دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی دەوڵەت(فیروز،٢٠٠٨،ل١٨).

وە هەروەها باجی فرۆشراوەکان پێناسە دەکرێت بەوەی کە " باجی فرۆشراوەکان بە یەکێك لە گرینگترین باج دادەنرێت کە دەخرێتە سەر بەکارهێنەر، وە ئەم باجەش باجێکی ناڕاستەوخۆیە و دەسەپێندرێت بەسەر کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکان کە لەلایەن تاکەوە بەکاردەهێندرێت وە ئەم باجەش لەکاتی سەپاندنی دا بارودۆخی کەسی باجدەر لە بەرچاو ناگرێت" (ناشد، 2009،ل 187)، وە هەروەها باجی فرۆشراوەکان پێناسە دەکرێت بەوەی "جۆرێکە لە باجی ناڕاستەوخۆ کە لە کۆتایی دا لەلایەن بەکاربەرەوە دەدرێ، ئەم باجە کۆدەکرێتەوە لەلایەن باجدەری یاسایی (المکلف) و پاشان دەیدات بە فەرمانگەی باج، جاچ باجدەر بازرگان بێت یان خاوەن پیشە بێت یان دابینکەری ئەم خزمەتگوزارییانە بێت کە ملکەچی باجی فرۆشراوەکانن، بەمەرجێك فرۆشراوەکانی بگاتە سنوری تۆمارکردن کە لە یاسادا ئاماژەی پێکراوە ". (البرعي،٢٠٠١-٢٠٠٢، ل ٣٧٤).

لە میانەی ئەم پێناسەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا دەتوانین پێناسەی باجی فرۆشراوەکان بکەین بەوەی" باجی فرۆشراوەکان باجێکی ناڕاستەوخۆیە بەسەر ئەم کەلوپەل و خزمەتگوزارییانەی کە ملکەچی باجی فرۆشراوەکانن دەسەپێندرێت بەگوێرەی یاسا، لەکاتی کڕینی ئەم کەلوپەلە یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە،بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی کەسی کڕیاربکرێت ئەگەر هاتوو ئەم کەلوپەلە یان ئەم خزمەتگوزارییە نەبەخشرابێت لەم باجە بە دەقێکی یاسایی تایبەت ، لەم حاڵەتەدا کڕیار واتە ئەم کەسەی باجدەری ڕاستەقینەیە، لەدانی ئەم باجە بەپێی یاسا دەبەخشرێت" ئەم کەسەشی کەوا باجدەری یاساییە (المکلف القانوني) دەبەخشرێت لەوەی ئەم باجە وەربگرێت و بیگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان .

دەمەوێت بڵێم پاش سەیرکردنی زۆربەی ئەم پێناسانەی بۆ باجی فرۆشراوەکان کراوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی هەموو ئەو پێناسانەی کراوە بۆ باجی فرۆشراوەکان، هەموویان یەك ناوەڕۆکی لەیەکچوویان هەیە، کە ئەویش بریتییە لەوەی باجی فرۆشراوەکان باجێکی ناڕاستەوخۆیە و باجدەری یاسایی هیچ قورساییەك بەهیچ شێوەیەك لە ئەستۆ ناگرێت، بەڵکو ئەو کەسەی کڕیارە ئەم قورساییە لەئەستۆ دەگرێت و باجەکە دەدات وباجدەری یاسایی پابەند دەکرێت بە ناردنی ئەم باجە بۆ دەسەڵاتی دارایی لەم ماوەیی کە لە یاسادا دیاریکراوە.

**لقی دووەم - تایبەتمەندییەکانی باجی فرۆشراوەکان**

**باجی فرۆشراوەکان جیادەکرێتەوە لە جۆرەکانی تری باج بەوەی، کە خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیەتی، و لەخوارەوەدا ئاماژە بە هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی دەکەین:**

**1. باجی فرۆشراوەکان باجێکی ناڕاستەوخۆیە:**

**باجی فرۆشراوەکان باجێکە لەکاتی بەکارهێنان یان مامەڵەکردن پێیەوە دەسەپێندرێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامانجی بەدەستهێنانی پارە یاخود داهات نییە وەکو باجی دەرامەت، باجی فرۆشراوەکان دەسەپێندرێت بەسەر قەبارەی فرۆشتن، کە لە باجی فرۆشراوەکان قورسایی باج دەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، واتە ئەم کەسەی ئەم کەل و پەلە دەکڕێت یاخود ئەم خزمەتگوزارییە بەکاردەهێنێت، قورسایی باجەکەی دەکەوێتە سەر، هەروەها بەرهەمهێنەرەکان یاخود هاوردەکاران ئەوانە داواکراون بە کۆکردنەوەی ئەم باجە ناردنی بۆ دەستەی گشتی باجەکان(مشکور،٢٠٢٢،ل٤)**

**2. باجی فرۆشراوەکان باجێکی گشتییە:**

**باجی فرۆشراوەکان باجێکە بەسەر هەموو کەلو پەلێکی هاوردەکراو یان بەرهەمی ناوخۆیی دەسەپێندرێت، ئەگەر هاتوو پەراوێز نەکرابێت بە دەقێکی تایبەت، هەروەها لەسەر بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان دەسەپێندرێت ، بەڵام یاسادانەر لەوانەیە هەندێك جار هەندێك کەلوپەل و خزمەتگوزاری لە باجی فرۆشراوەکان ببەخشێت، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی قورسایی باج لەسەر هاووڵاتیان (العديني،٢٠٢٢،ل٢ )، وەکو لابردنی باجی فرۆشراوەکان لەسەر کارتی پڕکردنەوەی مۆبایل و ئینتەرنێت بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە ( ٢٠٦) لە بەرواری ٢٢ /١١/ ٢٠٢٢ .**

**3. باجی فرۆشراوەکان باجێکی نەختینەی زۆرەملێیە:**

**باجی فرۆشراوەکان بە سروشتی خۆی باجێکی زۆرەملێییە و لە زۆربەی دەوڵەتانی دونیادا بەشێوەیەکی نەختینەیی وەردەگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بەپێچەوانەی ئەوە بێت کۆکردنەوەکەی باجەکە بە شێوەی پاشەکی بێت (راضي،٢٠٠٨،ل ١٢)، وەکو باجی فرۆشراوەکان کە وەردەگیرێت لە ڕێستۆرانت و هۆتێلە پلە یەك و نایابەکان کۆدەکرێتەوە و دواتر لەلایەن باجدەرەوە دەبرێت بۆ فەرمانگەی باج لە ١٠ ڕۆژی سەرەتایی هەر مانگێك (المادة 3 من تعليمات رقم 7 سنة 1997).**

**4. باجی فرۆشراوەکان باجێکی فرە ڕێژەیە:**

**باجی فرۆشراوەکان بە ڕێژەیی جیاواز بەگوێرەی جۆری کەلوپەلەکە دەسەپێندرێت ( پێویستییە یان جوانکارییە ) بەجیاوازی قۆناغەکان کاتێك لە بەرهەمهێنەر دەگوازرێتەوە بۆ بەکارهێنەری کۆتایی، و ئەم باجە دەسەپێندرێت بەسەر بەرهەمهێنەرانی پیشەسازی و بازرگانەکانی کۆ و تاك و هاوردەکاران ، و بنچینەی زۆر هەن بۆ پێوانەکردنی بڕی ئەم باجەی دەسەپێندرێت و هەندێك جار لەسەر بنەمای بەهای کاڵای بەرهەمهێنراوی ناوخۆیی یان هاوردەکراو ئەم بڕە دیاری دەکرێت، کە وەکو باجی فرۆشراوەکان دەسەپێندرێت(البديوي و البابلي ،٢٠٠٤،ل٣٨٦). و جیاوازییەکەی لەگەڵ باجی بەهای زیادکراو (الضريبة القيمة المضافة) ئەوەیە، کەوا باجی بەهای زیادکراو دەسەپێندرێت بەسەر نرخی کەلوپەلەکە یان خزمەتگوزارییەکە و هیچ پەیوەندیەکی بە جۆری کەلوپەلەکە یان خزمەتگوزارییەکە نییە، ئەم باجە دەسەپێندرێت بە ڕێژەیەکی دیاری کراو لەنرخی کەلوپەلەکە یان خزمەتگوزارییەکە لەسەر هەموو کەلوپەلێك و خزمەتگوزارییەك دەسەپێندرێت .**

**5. باجی فرۆشراوەکان باجێکە هیچ پەیوەندییەکی بە قازانج یان زەرەری باجدەرەوە نییە:**

**باجی فرۆشراوەکان لەسەر بنەمای بەهای فرۆشتن دانراوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا باجدەر قازانج دەکات یاخود زەرەر دەکات و بەهایی باج بەیەکێك لەتووخمەکانی تێچووندا دانانرێت، تەنیا لەم حاڵەتانە نەبێت، کەوا بەیاسا دیاریکراوە(غني،٢٠٢٣،www.specialties.bayt.com).**

**6. باجی فرۆشراوەکان باجێکی نیشتمانییە:**

**ئەم باجە بەسەر ئەم کەلو پەلانە دەسەپێندرێت کە لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێندرێت و بەسەر ئەم خزمەتگوزارییانەش ملکەچ دەبن بۆ ئەم باجە لەکاتی فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانە یاخود پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوخۆی دەوڵەتدا(حداد و أرشيد ،٢٠١٠،ل ٢١) هەروەها ئەم باجە دەسەپێندرێت بەسەر کاڵای هاوردەکراو لەدەرەوە لەکاتی فرۆشتنی لەناوخۆی وڵاتدا، بەڵام سەبارەت بەم کاڵایانەی لە ناوخۆدا دروست دەکرێن و ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، ئەوە دەبەخشرێن لەو باجە(المادة 9 من اللائحة التنفيذية لقانون الضريبة على القيمة المضافة المصري رقم 67 لسنة 2016).**

**7. باجی فرۆشراوەکان باجێکی عەینیە:**

**واتە باجی فرۆشراوەکان باجێکە دەسەپێندرێت بەسەر خودی ئەم کەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی ملکەچی ئەم باجەن بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کەسی، ئەو کەسەی بەکارهێنەرە یاخود ڕەچاوکردنی بارودۆخی بژێوی ژیانی، و ئەمە بە کەسایەتی تاکەکەسی دیاری کراوە، چونکە یاسادانەر لەهەندێك کەلوپەل و خزمەتگوزاری لە باجەکە خۆش بووە (علي ،٢٠٠٨،ص٢٦٣).**

**8. باجی فرۆشراوەکان باجێکی جۆرایەتییە:**

**باجی فرۆشراوەکان باجێکی جۆرییە، واتە بەپێی جۆری کاڵاکە باجەکەی لەسەریەتی هەژمار دەکرێت، نەك لەسەر چەندایەتی کاڵاکە(الفحل،٢٠٢٠،ل١٣٣-١٥٤) .**

**9. باجی فرۆشراوەکان باجێکە کە بە بەشێك لە تێچوون دانانرێت:**

**باجی فرۆشراوەکان نرخەکەی بە بەشێك لە تێچوون دانانرێت، وەکو هەندێك خەرجی تر، کەوا ڕێگەیان پێدراوە نرخەکانیان بە بەشێك لە تێچوونی بەرهەمهێنان دابندرێت، بۆ نموونە باجی گومرگی بە بەشێك لە تێچوونی بەرهەمهێنان دادەنرێت بە پێچەوانەی باجی فرۆشراوەکان(إمام سيد،٢٠١٤،ل٣٧).**

## تەوەری دووەم

## بیانووەکانی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان

**لە ئێستادا باج ڕۆڵێکی تەواو گرنگی هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا، بەتایبەت لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەم ڕۆڵەش زیاتربوو بە زیاتربوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی خەرجی پێویست بۆ پڕکردنەوەی ئەم خەرجیانە لەلایەن دەوڵەت، و پێشکەوتن لە چەمکی دارایی حکومەت و سیاسەتی گشتی دەوڵەت، وایکرد دەوڵەت بیر لە سەپاندی جۆری نوێی باج بکاتەوە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی خەرجیەکانی و بە دەستهێنانی داهاتێکی زیاتر. ئابوری هەرێمی کوردستان بە سروشتی خۆی جیاوازە لە ئابوری دەوڵەتانی تری دواکەوتوو یان تازە پێگەیشتوو، چونکە کوردستان خاوەنی کۆمەڵێك سەرچاوەی سروشتی و مرۆییە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە دەوڵەتانی تری ناوچەکە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی خەرجیەکانی بەشێوەکی سەرەکی، پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بەپێچەوانەی هەندێك لە دەوڵەتانی دەوروبەر و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەب، کەوا ئێستا ئەم دەوڵەتانە وردە وردە لەپشت بەستن بە داهاتی نەوت بۆ پڕکردەوەی خەرجیەکانیان**

دووردەکەونەوە و پشت بە سەرچاوەی تری داهات دەبەستن. لێرەدا بە چەند خاڵێك بیانووەکانی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان ڕوون دەکەینەوە :

1. هەرزان بوونی نرخی نەوت: داهاتی نەوت گرینگیەکی زۆری هەبوو لە پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی حکومەت، کاتێك نرخی نەوت بەشێوەیەکی جیهانی دابەزی، ئەوە بووە هۆی کورتهێنان لە پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان، وای لەحکومەت کرد بە دوای سەرچاوەی تری داهاتدا بگەڕێت، بۆ پڕکردنوەی خەرجییە گشتییەکان، و یەکێك لەوانەش سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان بوو بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

2. ئامانجی هەموو دەوڵەتێك بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری دەوڵەتەکەی خۆی، ئەویش لە ڕێگای هاندانی هەناردەکردن و پارێزگاریکردن لە بەرهەمی نیشتمانی و پاڵپشتی کردن و پێدانی لێخۆشبوون لە باجەکان و دانانی باجی فرۆشراوەکان بەسەر ئەم کەلو پەلانەی کە لە دەرەوە دێن .

3. سەپاندنی ئەم باجە لەلایەن حکومەتی عێراق هۆکارێك بوو بۆ سەپاندنی ئەم باجە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی، هەرێمی کوردستان بە شێکە لە عێراق، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە سەپاندنی ئەم باجە .

4. چالاکبوون و زیادبوونی کرداری هاوورده کردنی کەلوپەل لە دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات و پێشبڕکێکردنی کەلوپەلی بەرهەمهێندراوی ناوخۆیی لە ڕووی نرخدا، ئەمە هۆکارێك بوو، کەوا دەوڵەت پەنای برد بۆ پاراستنی پێگەی کەلوپەلی خۆماڵی لە ڕێگای دانانی باجی فرۆشراوەکان بەسەر ئەم کەلوپەلانەی لە دەرەوە دێتە ناوەوەی وڵات .

5. باجی فرۆشراوەکان لەلایەن حکومەت سەپێندرا، لەپێناو ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی داهات لەلایەن هاووڵاتیان و سەرمایەداران لە کڕینی کەلوپەلی جوانکاری و نا پێویست، ئەویش لە ڕێگای سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان بە نرخێکی بەرز بەسەر ئەم کەلوپەلانە لەکاتی کڕینیان (البدوي،١٩٩٣،ل٥)، وەکو دانانی باجی فرۆشراوەکان لەسەر هێنانی بەرهەمەکانی وەکو جگارە بە هەموو جۆرەکانی و وە خواردنەوە کحولیەکان بەڕێژەی ( ٣٠٠% ) بەمەبەستی ڕێگەگرتن و دانانی ئاستەنگی لە هێنانە ناوەوەی ئەم جۆرە کەلوپەلانە تاوەکو هاووڵاتیان بە ئاسانی نەتوانێت بیکڕێت (المادة 4 الفقرة ( 3 ) من تعليمات رقم 5 لسنة 2015 منشور في الوقائع العراقي العدد 4363 في تأريخ 2015/5/4)

6. لەڕێگای سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان، دەوڵەت زۆرترین داهاتی بە کەمترین خەرجی بەدەستدێت، چونکە کۆکردنەوەی ئەم باجە هیچ خەرجیەکی ناوێت و کۆکردنەوەی ئەم باجە لە ئەستۆی باجدەری یاساییە و دەبێت کۆی بکاتەوە و بیبات بۆ دەستەی گشتی باجەکان.

7. کارکردن بۆ هاندانی پاشکەوتکردن و پێکهێنانی سەرمایەی پێویست بۆ کرداری وەبەرهێنان و باجی فرۆشراوەکان دادەنرێت بە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی وەبەرهێنان.

8. بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەش کردنی قورسایی باج لەنێوان باجدەران ئەویش لە ڕێگایی سەپاندنی باج بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکسانی(النقلي،٢٠٠٢،ل١٠٦).

9. ڕێکخستنی ئاکار و ئادابی گشتی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە و دوورخستنەوەیان لە هەندێك کرداری نەشیاو، ئەویش لە ڕێگای دانانی باج بەسەر کڕینی جگەرە و خواردنەوە کحولیەکان، بەمەبەستی پاراستنی بەها ئەخلاقیەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

10. باج ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بواری سیاسەتی دەوڵەتدا بە تایبەت لە کاتی بەستنی هەندێك ڕێککەوتنامەی باج کەوا دەقی تیادایە لەسەر مەرجی مامەڵەی هاوشێوە بۆ ڕێگەگرتن لە جیاوازی باجی و خۆدزینەوە لە باج. بۆنموونە ئەگەر دەوڵەت بیەوێت لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا هاوکارییەکانی نێوانیان زیاتر بێت پەیوەندییەکانیان بتەو بێت، ئەوە باجێکی کەم لەسەر ئەم کەلوپەلانە دادەنێت کە لەم وڵاتە دێت، یان هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتە لەباجی فرۆشراوەکانی دەبەخشێت بەگوێرەی ئەم پەیماننامەی لە نێوانیاندا هەیە، لەهەمان کاتدا ئەگەر دەوڵەت بیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتێکی تر

**کەم بکاتەوەو سنورداری بکات ئەوە ڕێژەیی باج لەسەر کەلوپەلەکانی کە لەم وولاتە دێت بەرز دەکاتەوە باجێکی زیاتر لەسەر هاوولاتیانی دادەنێت. (نصراللە،2015،ل19)**

**لێرەدا ئێمە لەگەڵ ئەوەی پێمان باشە کە باجی فرۆشراوەکان بسەپێندرێت، چونکە ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ حکومەت لە پڕکردنەوەی بەشێك لەم خەرجییانەی لەسەر حکومەتە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی قورسایی باج، بەڵام پێمان باشە ئەم باجە تەنیا لەسەر ئەم کەلوپەلانە بێت کە پێویست نین، وەکو کەلوپەلی جوانکاری و هەندێك شوێنی تر بێت، کەوا تەنیا کەسانێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنن، وەکو دانانی باجی فرۆشراوەکان لە یانەکانی شەوان و شوێنەکانی خواردنەوەی کحولی و جگەرە و کافتریاکان و شوێنەکانی مەساج و سەنتەرەکانی جوانکاری .....هتد ئەمانە باجی فرۆشراوەکانیان لێوەربگیرێ بەپێی یاسا و بە ڕێژەیەکی گونجاو، و ئەم باجە بەسەر خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندی کردن لابربدرێت چونکە ئەم خزمەتگوزارییانە بنەڕەتین بۆ هەموو کەسێك و کەسانی کەمدەرامەتیش پێویستیان پێدەبێت.**

## باسی دووەم

### کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**لەم باسەماندا باسی کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کەوا دێتە پێش لەکاتی سەپاندن و لەکاتی وەرگرتنی ئەم باجە لە دوو داواکاریدا، بەشێوەیەك لە داواکاری یەکەمیاندا باسی کێشە یاساییەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، کەوا خۆی دەبینێتەوە لە چەند کێشەیەك، وە لە داواکاری دووەمیشدا باسی کێشە هونەرییەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، کەوا بەهەمان شێوە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە چەند کێشەیەك، بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین.**

## تەوەری یەکەم

### کێشە یاساییەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان

**لەکاتی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی یاسایی دەبینەوە، کەوا دەبنە لەمپەر لە بەردەم جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان وەکو خۆی و بەم شێوەیەی لە یاسای بودجە و ڕێنمایی و بڕیارەکاندا هاتووە و ئەم کێشانەش لێرەدا ئێمە کورتیان دەکەینەوە لە سێ کێشەی سەرەکی، کەوا لە خوارەوە بە جیا باسی هەریەکێکیان دەکەین.**

#### لقی یەکەم - نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان

**نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە سەپاندن و جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە یەکێك لە کێشە هەرە بەرچاوەکان دادەنرێت، کەوا دێتە پێشەوە لەکاتی سەپاندنی ئەم باجەدا، چونکە ئەوەی هەیە دەربارەی سەپاندنی ئەم باجە لە هەرێمی کوردستاندا، پاڵپشتە بە یاسای بووجەی گشتی سالەکانی ( 2015 تا 2020) و بڕیاری ژمارە (96) ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە لە مانگی یەکی 2021 دا دەرکراوە و 11 خاڵ لەخۆ دەگرێت، مەبەست تیایدا ڕێکخستنەوەی چۆنیەتی کۆکردنەوەی باجەکانە و هێنانەدی دادپەروەرییە لەسوودبینین لە بەرژەوەندییە گشتییەکان، ئەویش بە ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە وەرگرتنی ڕێژەیی 20% لە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و کۆمپانیاکانی مۆبایل بەشێوەی نەختینەیی .**

**بەگوێرەی ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 10 کانونی دووەمی 2021 دەریکرد، ئەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان ڕادەسپێرێت بە وەرگرتنی ڕێژەی 20% لە باجی فرۆشراوەکان لە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و کۆمپانیاکانی گەیاندن لە**

**هەرێمی کوردستاندا، وەکو کۆمپانیاکانی تر لە هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی عێراق، کەوا پابەندکراون بە دانی ئەم باجە، بەم بڕیارەش ئەم کۆمپانیایانەی لە بواری گەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، وەکو (کۆرەك تیلیکۆم و ئاسیا سێل و زین ) پابەندکران بە دانی باجی فرۆشراوەکان بە ڕێژەی 20% بەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە ئێستادا ئەم باجەی فرۆشراوەکان کە پێشتر لەسەر مۆبایل و تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەبوو هەڵوەشاوەتەوە لە تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستان بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە( ٢٠٦) لە بەرواری ٢٢ /١١/ ٢٠٢٢ .**

**ئەم باجەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نەختینەیی (نقدی) لەلایەن فەرمانبەری تایبەت وەردەگیرێت، وە هەروەها لە خاڵێکی تری بڕیارەکەدا هاتووە هاوشێوەی حکومەتی عێراقی باجی فرۆشراوەکان لە میوانخانە و چێشتخانە ی چوار ئەستێرە بەسەرەوە وەردەگیرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری ڕاسپاردووە بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە(قرار الحكومة إقليم كوردستان رقم ٩٦سنة2021 بإعادة تنظيم الضريبة،www.rudaw.net) .**

**لێرەوە بۆمان بەدەردەکەوێت، کەوا یاسایەکی تایبەتمەند بە سەپاندن و جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە کەوا لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچووبێت، ئەوەی هەیە ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەویش بە پشتبەستن و لەسەر بنەمایی یاسای بوودجەی گشتی کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە، سەبارەت بەسەپاندنی باجی فرۆشراوەکان، لەگەڵ ئەوەش باجی فرۆشراوەکان گرنگیەکی زۆری هەیە لە پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و بەدەستهێنانی داهات لە دەوڵەت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییانەی لە سەپاندنی و جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکاندا هەیە، ئەوا پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەربچێت کە تیایدا زۆر بەووردی هەموو لایەنەکانی ئەم باجەی تیادا ڕوون بکرێتەوە و هیچ بۆشاییەك نەهێڵێتەوە بۆ دروستبوونی کەموکوڕی لە جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەم باجە، هەروەکو یاسای وڵاتانی تر، کەوا هەڵساون بە ڕێکخستنی یاسای باجی فرۆشراوەکان، لە یاسایەکی تایبەتدا گرنگیەکی زۆریان بەم باجە داوە، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی داهات ، بۆ نموونە هەروەکو لە وڵاتی ئوردن بە یاسایەکی تایبەت لەژێر ناوی یاسای باجی فرۆشراوەکان ژمارە 6 ساڵی 1994 هەڵساوە بە ڕێکخستنی گشت ئەحکامەکانی باجی فرۆشراوەکان زۆر بەووردی و بەڕوونی و لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا باسی ناوی یاساکە دەکات و دەڵێت: ئەم یاسایە لە وڵاتی ئوردندا بەرکاردەبێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(قانون الضريبة المبيعات الاردني،1996)، هەروەها لە وڵاتی یەمەنیش باجی فرۆشراوەکان بە یاسایەکی تایبەت و سەربەخۆ ڕێکخراوە، کە یاسای ژمارە 19 ی ساڵی 2001، بە جۆرێك لە مادەی سێیەمی یاساکەدا هاتووە باجی فرۆشراوەکان دەسەپێندرێت بە ڕێژەی 10% بەسەر هەموو ئەم کەلوپەلانەی لە ناوخۆدا بەرهەم دێن یان لە دەرەوە دێت و باجدەر دەبێت ئەم باجە بدات لەم کاتەی بۆی دیاری کراوە(قانون ضريبة المبيعات اليمني، 2001).**

**لقی دووەم - خۆدزینەوە لەباجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان دا**

**خۆدزینەوە لە باجدان یەکێکە لە ڕاستیەکانی ژیانی ئابووری سەردەم و بە یەکێك لە تاوانە ئابوورییەکان دادەنرێت، بەهۆی ئەم کاریگەرییە خراپەی دەیکاتە سەر ئابووری نیشتمانی، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت و کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنیان(كتانة، 1998، ل 58). مەبەست لە خۆدزینەوە لە باجدان چەند کارێکی ماددیە، جا ئەم کارە ئەرێنی بێت یان نەرێنی بێت، کەوا دەکات باجدەر سەرپێچی دەقێکی ڕوونی یاسایی باج بکات بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی هەڵخەڵەتاندن و فێرکردن بۆ خۆڕزگارکردنی لە دانی ئەم باجەی سەپاوە لەسەری، جا لە هەموو باجەکە بێت یاخود لە بەشێکی بێت، لێرەدا ئەم کردارەی باجدەر کاریگەری نەرێنی لەسەر داهات و دەسکەوتەکانی دەوڵەت دەبێت (أحمد، 2012، ل 99- 100)، بۆیە لە زۆربەی یاساکانی**

**باج خۆدزینەوە لە باجدان بە تاوان هەژماردەکرێت و سزایی یاسایی بۆ دیاریکراوە( المادة 58،57، من قانون ضريبة الدخل العراقي).**

**بۆیە یاساناسانی بواری دارایی گشتی پێناسەی خۆدزینەوە لە باجدانیان کردووە، کە بریتییە لەم دیاردەیەی بەهۆیەوە ئەم کەسەی پابەندکراوە بە دانی باج، ئەوە ئەم کەسە خۆی ڕزگار دەکات لە باجدانەکە جا لە هەموو باجەکە بێت یان بەشێکی بێت، ئەویش بە بەکارهێنانی یەکێك لە ڕێگا جیاوازەکان، کەوا دەکات ئەم کەسە باجەکەی لەسەر لابکەوێت و ناچار نەبێت باجەکە بدات(أبو حمد، 2002، ل 22)، پێناسەیەکی تر هەیە بۆ دیاردەی خۆدزینەوە لە دانی باجی فرۆشراوەکان، ئەویش بریتییە لەوەی کەوا خۆدزینەوە لە باجدان ڕێگایەکی فێڵکاری هونەری و یاسایی و کارگێڕییە، کەوا بەکاردەهێندرێت بە مەبەستی خۆدزینەوە لە باجدان(القيسي، 2011، ل147)،وە هەندێکی تر بیروبۆچونیان وابوو، کەوا خۆدزینەوە لە باجی فرۆشراوەکان بریتییە لە سەرپێچیکردنی ئەم کەسەی باجدەری یاساییە و پابەندە بە باجدان (المكلف) بۆ ئەم پابەندیانەی لە دەقە یاساییەکاندا هاتووە لەڕێگەی فێڵکردن و سەرپێچی یاسا بەسوود وەرگرتن لە هەندێك بۆشایی یاسایی لە یاسا داراییەکاندا هاتووە، بەمەبەستی گەیشتن بەوەی کەوا پابەندی دانی باجەکەی لەسەر لابچێت و ڕزگاری بێت لێی، جا بەشیوەیەك لە هەموو باجەکە بێت یان بەشێکی بێت(السامرائي،2012،ل 130)، کەواتە دیاردەی خۆدزینەوە لە باجی فرۆشراوەکان بریتییە لە خۆدەربازکردن لە هەموو یان بەشێکی ئەم باجەی لەسەر کەسی باجدەری یاساییە و دەکرێت ئەم کردارەش پێش کاتی وەرگرتنی باجەکە بێت، بە بەکارهێنانی هەندێك ڕێگا و ئامراز، کە پابەندی باجدان لەسەر کەسی باجدەر لادەبەن، لەهەمان کاتدا دەکرێت خۆدزینەوەکە لەدوای کاتی وەرگرتنی باجە بێت، ئەویش بە نەدانی باجەکە بە خەزێنەی گشتی(بشور، 1993، 322) ، لەم پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان بەدەردەکەوێت، کەوا خۆدزینەوە لە باجی فرۆشراوەکان بریتییە لە هەر هەڵسوکەتێك کەوا سەرپێچی بێت بۆ ئەم پابەندیانەی لە یاساکانی باجدا هاتووە، بەهەر شێوەیەك و ڕێگایەك بێت، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هەڵخەڵەتاندن و فێڵکردن.**

**لە کۆتاییدا ئێمە دەتوانین پێناسەی خۆدزینەوە لە باجی فرۆشراوەکان بکەین، بەوەی کەوا هەوڵی باجدەرە بۆ خۆدزینەوە لە هەموو یان بەشێکی لەم باجەی لەسەریەتی و ئەم کارەی باجدەر بە سەرپێچی دادەنرێت بۆ یاساکانی باج بەرپرسیاریەتی یاسایی لەسەر باجدەر دروست دەکات .**

**بۆ هاتنەدی دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە بێتە دی، ئەوانیش:**

**1. بوونی دەقێکی یاسایی، کەوا کرداری خۆدزینەوە لە باجدان دیاری بکات، هەروەها سزای یاسایشی بۆ دیاریکردبێت .**

**2. دەبێت ڕووداوی خۆدزینەوەکە بە کرداری ڕوویدا بێت یاخود نزیك بێت لە ڕوودان .**

**3. دەبێت کەسی باجدەر مەبەستی تاوانکاری هەبێت لەم کارەی دەیکات. (الوجيه،2009،ل 76).**

**لقی سێیەم - نەبوونی هۆشیاری یاسایی**

**کێشەی سێیەم و کۆتا کێشە لە کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە نەبوونی هۆشیاری باج یان لاوازی ئاستی هۆشیاری باج لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە، کەوا مەبەستمان باجدەرانە هۆشیاری باجە یەکێکە لەم شتە گرنگانەی، کە کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی ژمێرياری باج بۆ باجدەران هەیە و بەم شێوەیە قەبارەی داهاتی باج و بەرپرسیاریەتی بەرزکردنەوەی ئەم ئاستە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەوڵەت، کە لەلایەن دەسەڵاتی گشتی باجەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لە ڕێگەی لێدوان و وتار لە ڕۆژنامەکانی گشتی و لەڕێگەی سیمینار و کۆبوونەوەی پیشەیی، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەکرێت و دەبێت زۆرینەی سایت و تۆڕەکانی ئینتەرنێت باس لە کاریگەریەکانی خۆدزینەوە لە دانی باجی فرۆشراوەکان بکەن، لێرەدا ئەمە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی باجی کۆکراوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری باج و دەبێتە هۆکارێك بۆ باشترکردنی پەیوەندی لە نێوان باجدەر و کارگێڕی باج وەبەدەستهێنانی پرەنسیپی شەفافیەتی باج لە مامەڵەکردن لەگەڵ باجدەران لەکاتی لێپرسینەوەیان لە سەرچاوەکانی داهاتیان(علوان، 2017،ل 3) .**

بۆیە هۆشیاری باج لە باجی فرۆشراوەكان پێناسەی دەكرێ، كە بریتییە لە هەستی تاكەكان بە ئەنجامدانی ئەركەكانی بەرامبەر بە دەوڵەت، لەناو ئەم ئەركانەش ئەنجامدانی ئەم ئەركە داراییانەیە، كەوا دەوڵەت لەسەر تاكەكانی سەپاندووە، لەوانەش دانی باجی فرۆشراوەكانە، كەوا لەسەریەتی لەڕێگەیەوە یارمەتی دەوڵەت دەدات بۆ پڕكردنەوەی خەرجییە گشتییەكان(إمام سید، ٢٠١٤،ل٣٠٩)

هەندێكی تر پێناسەی دەكەن بەوەی، كە هۆشیاری باج لە باجی فرۆشراوەكان بریتییە لە ڕادەی هەستكردنی باجدەر بەم باجەی لەسەریەتی و ڕەوایەتی باجەكەیە و زانین و تێگەیشتنی گرنگییدانی ئەم باجەیە بە دەوڵەت(أحمد، 2003،ل 132) . لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە هۆشیاری باجی فرۆشراوەكان تەنیا گرنگی بە باجدەرەوە نییە بەڵكو ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ كارگێڕیی باجیش و ناكرێت بڵێین كەوا كارگێڕی باج بەرپرسیارە لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری باج، تەنها ئەگەر هاتوو جۆرێكی نوێی باج هەبوو پێویستی بە ڕوونكردنەوە هەبێت لەلایەن كارگێڕی باج، چونكە ئامانجی كارگێڕی باجی فرۆشراوەكان بریتییە لە كۆكردنەوەی داهاتی باجەكە و بەرزكردنەوەی داهاتی باجی فرۆشراوەكان .

## تەوەری دووەم

## كێشە هونەرییەكانی سەپاندنی باجی فرۆشراوەكان لە هەرێمی كوردستان

لە هەرێمی كوردستان لەكاتی جێبەجێكردن و وەرگرتنی باجی فرۆشراوەكان ڕووبەڕووی هەندێك كێشەی هونەری دەبینەوە، كەوا دەبنە ڕێگر لە بەردەم كۆكردنەوەی باجی فرۆشراوەكان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك، لێرەدا لەم داواكارییەمان لە چەند لقێك باسی ئەم كێشە هونەریانە دەكەین.

### لقی یەكەم - نەبوونی سیستەمێكی كاشێری لەناو هۆتێلەكان و ڕێستۆرانتەكان:

بۆمان دەردەكەوێت كەوا یاساكانی باجی فرۆشراوەكانی وڵاتان هاوڕان لەگەڵ یاسادانەری عێراقی كە لە بڕیاری ژمارە 36 ی ساڵی 1997 كە لە ئەنجوومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەرچووە دەربارەی ئەوەی، كە باجدەر ناچار دەكات، باجدەر واتە كارگێڕی هۆتێل و ڕێستۆرانتەكان، كەوا لیست دەربكەن بۆ سەلماندنی ئەم خزمەتگوزاریانەی پێشكەشیان دەكات، هەروەها ئەم بڕەی تیادا بنووسرێت، كەوا وەكو باجی فرۆشراوەكان وەرگیراوە بە گوێرەی ئەم ڕێژەیەی لە یاسا دیاریكراوە (المادة 3 من تعلیمات الوزارة المالیة رقم7سنة ١٩٩٧)، نەبوونی سیستەمێكی كاشێری ڕێكوپێك لەناو هۆتێلەكان و ڕێستۆرانتەكان، كەوا بەسترابێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە فەرمانگەی باج، واتە نەبوونی سیستەمی كاشێری یەكگرتوو و ئۆنلاین لەناو هۆتێل و ڕێستۆرانتەكان، كەوا باجی فرۆشراوەكانیان لەسەر دەسەپێندرێت، بۆتە هۆی دروستبوونی كێشە لەكاتی سەپاندنی ئەم باجە، هەروەها ناڕوونی داهاتەكەی، چونكە هەریەك لەم شوێنانە سیستەمی كاشێری تایبەت بە خۆی بەكاردەهێنێت، بەگوێرەی ئەم سیستەمەش باجی فرۆشراوەكان دەدات، لێرەدا ئەمە كێشە دروست دەكات، چونكە كارگێڕی ئەم شوێنانە بەگوێرەی ئەم ڕێنماییەی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە، بەشێوەیەكی مانگانە لە 10 ڕۆژی سەرەتایی هەر مانگێك دەبێت ئەم ڕێژە باجەی كۆیان كردۆتەوە بیبەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان(خاڵی یەكەم لە ڕێنمایی دارایی ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی كوردستان)،لەبەر ئەوەی سیستەمێكی یەكگرتوو و ئۆنلاین نییە، كە ژمێریاری ئەم شوێنانە ببەستێتەوە بەفەرمانگەی باج، لەم شوێنانە ئەمە بواری دەستكاریكردنی ڕێژەی باجەكە و داهاتەكەی ئاسانە و ئەگەری دەستكاریكردن و بەلاڕێدابردنی هەیە، ئەمەش كاریگەری دەبێ لەسەر داهاتی باجی فرۆشراوەكان، لە كۆتاییشدا كاریگەری دەبێت لەسەر داهاتە گشتییەكانی دەوڵەت، كە ئامانج لێی بەدیهێنانی سوودی گشتی و بەرژەوەندی گشتییە، لەپێناو ڕێگەگرتن لەم حاڵەتەدا و دروستنەبوونی ناڕوونی لە داهاتی باجی فرۆشراوەكان و دروستنەبوونی كێشە لەكاتی سەپاندنیدا، دەبێت وەكو وڵاتانی تری پێشكەوتوو لە جیهان سیستەمێكی كاشێری یەكگرتووی ئۆنلاین و بەستراوە بە بەڕێوەبەرایەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە

**فەرمانگەی گشتی باج هەبێت لەناو ژمێریاری هۆتێل و ڕێستۆرانتەكان پلە نایابەكان، باجی فرۆشراوەكان دەدەن، تاوەكو لە ڕێگەی ئەم سیستەمە كاشێرییە ڕێگە بگیرێت لە دەستكاریكردن و یاریكردن بە داهاتی باجی فرۆشراوەكان لەمر شوێنانە و ڕاستەخۆ هەموو زانیارییەكان لە نێوانیاندا بگوازرێتەوە و هیچ بوارێك نەهێڵێتەوە بۆ دەستكاریكردن(عثمان،2023، المقابلة الشخصية).**

**ئەم ئەركەش بە پلە یەك دەكەوێتە سەر لایەنی حكومی، كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكانە لە هەرێمی كوردستان بە ئامادەكردنی سیستەمی كاشێری بەشێوەی ئۆنلاین بۆ بەستانەوەی بە فەرمانگەكانی باج بۆ كۆكردنەوەی داهاتی باجەكە بە شێوەیەك بێت، لەگەڵ سیستەمی وڵاتانی پێشكەوتوو بگونجێت، بۆیە پێشنیار دەكەین بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان بە زووترین كات سیستەمی كاشێر ئامادەبكات، بۆ ئەوەی ڕێگری بكات لە خۆدزینەوەی باجدەران بە شێوەی بەشی یان هەمووی لە لایەك، لە لایەكی تر بۆ پاراستنی داهاتی گشتی وڵات و پڕكردنەوەی خەرجییە گشتییەكان.**

**لقی دووەم - نەبوونی فەرمانبەری تایبەتمەند بە چاودێریكردن و كۆكردنەوە و وردبینیكردنی ئەم شوێنانەی باجی فرۆشراوەكانیان لەسەر دەسەپێندرێت**

**مەبەست لە فەرمانبەری گشتی تایبەتمەند بەگوێرەی یاسای خزمەتی شارستانی عێراقی بریتیە لە هەركەسێك كەوا خزمەتێكی گشتی پێسپێردرابێت لەناو خشتەی ملاكاتی دەوڵەت تایبەت بە فەرمانبەرانی هەمیشەیی(المادة 2 في قانون الخدمة المدنية رقم 24 لسنة 1960) وە هەروەها بە گوێرەی ماددەی یەك لە یاسای ڕێككاری فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە 14 ساڵی 1991 دا پێناسەی فەرمانبەری گشتی كردووە، بەوەی هەر كەسێكە كە ئەركێكی ڕەسمی هەبێت لەناو یەكێك لە وەزارەتەكانی دەوڵەت، یاخود لەناو هەر دامر و دەزگایەك كەوا نەبەسترابێتەوە بە وەزارەت(قانون انضباط موظفين الدولة العراقي رقم ١٤ سنة 1991)، مەبەست لە تایبەتمەندی لە ئەرك بریتیە لە توانایەكی یاسایی، كەوا دەدرێت بە فەرمانبەری گشتی یان دەسەڵاتی گشتی، كە ڕێگەی پێدەدرێت مافی ئەوەی هەبێت بڕیاری دیاریكراو دەربكات(أبوالخير، 2007، ل 103)، بە واتایەكی تر فەرمانبەری تایبەتمەند ئەم فەرمانبەرەیە، كە یاسا دەسەڵاتی ئەوەی پێداوە، واتا ڕێگەپێدانێكی یاساییە بۆ كەسێكی دیاریكراو، كەوا هەڵبستێت بە دەركردنی بڕیارێكی كارگێڕیی، كە یاسا دەسەڵاتی دەركردنی پێداوە(خاطر، 2009، ل 50). نەبوونی فەرمانبەری تایبەتمەند لەنێو دامر و دەزگا گشتییەكانی دەوڵەت لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا لە ڕۆژگاری ئەمرۆكەماندا، یەكێكە لەمر دەردانەی، كارگێڕی گشتی لە گشت سێكتەرەكان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بە تایبەت لە فەرمانگەی باجی فرۆشراوەكان لە كاتی نەبوونی فەرمانبەری تایبەتمەند بە كۆكردنەوە و وردبینیكردن، هەروەها چاودێری گەڕۆكی فەرمانگەی گشتی باج بەسەر ئەم شوێنانەی كە پابەندن بە دانی باجی فرۆشراوەكان، كێشەیەكی زۆر ڕوونە و دێتە پێشەوە لەكاتی سەپاندنی باجەكە، چونكە كرداری وەرگرتنی باجی فرۆشراوەكان لەلایەن هۆتێل و ڕێستۆرانتە پلە نایابەكان كردارێكی ئاڵۆزە و پێویستی بە وردبینی و ژمێریاری كارامە هەیە، ئەویش لە ڕێگەی فەرمانبەری تایبەتمەند دەكرێت، بۆیە لێرەدا لە پێناو كەمكردنەوەی ڕۆتینیات و وردبینیكردنی زیاتر لە كارەكانی بەڕێوەبەرایەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین داهات لە باجی فرۆشراوەكان(عثمان، مقابلة الشخصية،2023)،بۆیە پێشنیار دەكەین، كە دەزگایەك بكرێتەوە تایبەتمەند بێت بە پێگەیاندنی فەرمانبەری باج لە هەموو بوارە جیاوازەكانی باجدا، بە تایبەت لە بواری لێبڕینی ڕاستەوخۆ بە وەرگرتن و كۆكردنەوەی باجی فرۆشراوەكان لە هەرێمی كوردستاندا، چونكە بوونی فەرمانبەری تایبەتمەند لەناو ئەم بەڕێوەبەراتییە گرنگیەكی زۆری هەیە لە كۆكردنەوە و وردبینیكردنی ئەم باجە و ڕێگریكردن لە خۆدزینەوە لەمر باجە، لەكۆتایدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زۆرترین داهاتی باجی فرۆشراوەكان، كە ئەم**

**داهاتە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی دەوڵەت، کە مەبەست لێی بەدیهێنانی سوودی گشتی و بەرژەوەندی گشتییە بۆ هەموو هاووڵاتیان وەکو یەك.**

**لقی سێیەم - نزمی ئاستی هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج و دام و دەزگاکانی تری هەرێم:**

**لە پێناو ئەوەی کرداری وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان وەکو خۆی بەبێ هیچ کەموکووڕییەك بەسەرکەوتووی جێبەجێبکرێت، ئەوە پێویستە دامەزراوەی باج، کە تایبەتمەندە بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی ئەم باجە، پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی هەبێت لەگەڵ دامو دەزگاکانی تری دەوڵەت، کەوا بوونی ئەوانیش بۆ سەرخستنی ئەم کردارە گرنگە، ئەوانیش وەکو دەستەی گشتی گەشتوگوزار و وەزارەتی شارەوانی و دامو دەزگاکانی تری دەوڵەت(بختيار،مقابلة الشخصية،2023)، لێرەدا گرنگی ئەم هەماهەنگیيە لە نێوان فەرمانگەی باج لەگەڵ دامو دەزگاکانی تری دەوڵەت دەمانگەیێنێت بە داهاتی ڕاستەقینەی باجدەر(جواد، 2007، ل 48)، و زیادبوونی داهاتی خەزێنەی گشتی(أحمد، 2014، ل 52) ، و کەمکردنەوەی بەریەککەوتن و جیاوازی لەنێوان باجدەران و و کارگێڕیی باج(خماس، 2014، ل 101)،و ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باجدان(جواد، 2007، ل 60)، و ڕێگریکردن لە گەندەڵی کارگێڕیی (الاعرجي، 1995، ل 300-313)،و بەتایبەتی هەبوونی پەیوەندییەکی بتەو لە نێوان فەرمانگەکانی باج و دامەزراوە بانکیەکان پێویستە لە ڕێگای دیبت یان کریدت کارد و بەکارهێنانی ئامێری ( P.O.S) لەلایەن بازرگانەکانەوە بۆ کڕینی کاڵا و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان، کە ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە ڕێژەی فرۆشراوەکان.**

**لقی چوارەم - خۆتۆمارنەکردن**

**مەبەست لە تۆمارکردن بریتیە لەم فۆڕمە لەلایەن باجدەر پڕدەکرێتەوە و کارگێڕیی باج تۆماریان دەکاتن ئەمەش بە ڕێگای داواکارییەك پێشکەش دەکرێت لەلایەن ئەم باجدەرەی کە ملکەچی باجی فرۆشراوەکانە، کە لەلایەن کارگێڕیی باجەوە ئامادەکراوە بۆ فرۆشتنی کەلوپەل یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (الساعدي، 2007، ل 85)، واتە پێویستە لەسەر هەموو باجدەرێك خۆی لە لای کارگێڕیی باج تۆمار بکات .**

**لەگەڵ ئەوەی یاسادانەری عێراقی پێناسەی خۆتۆمارکردنی باجدەری نەکردووە، بەڵام خۆتۆمارکردن لەناو نووسراوەکانی دەستەی گشتی باجەکان لە عێراقدا هاتووە، کە تیایدا دەڵێت ( کەسی باجدەر ناچار دەکرێت بەوەی هەڵبستێت بە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانەی ملکەچن بۆ باجی فرۆشراوەکان، ئەویش بە تۆمارکردنیان لەلایەن دەستەی گشتی باجەکان بەگوێرەی ئەم نموونانەی لەلایەن کارگێڕیی باج دانراوە. لە دەستەی گشتی باجەکان دوو کڵێشە هەیە بۆ تۆمارکردنی باجدەر، ئەوانیش :-**

1. **بەیاننامەی مانگانەیە بۆ باجی فرۆشراوەکان، تایبەتە بە چێشتخانە و هۆتێلە پلە نایابەکان، کەوا تیایدا باجدەر داهاتی مانگانە ئەم شوێنانە و بڕی باجی فرۆشراوەکان دیاری دەکات بەگوێرەی ئەم ڕێژەیەی لە یاسادا دیاری کراوە.**
2. **بەیاننامەی باجی فرۆشراوەکانە بۆ مۆڵ و سەنتەرەکانی بازاڕکردن و سەنتەرەکانی جوانکاری، کە تیایدا بەیاننامەی داهاتی مانگانەی ئەم شوێنانەیە لەگەڵ ئەم ڕێژە لە باجی فرۆشراوەکان، کەوا لەسەریەتی لەناو ئەم بەیاننامەدا ڕووندەکرێتەوە، بەپێی ئەم ڕێژەیەی لە یاسادا دیاری کراوە (كتاب هيئة العامة الضرائب،2018 ).**

**کەواتە کورتکراوەی ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، گەیشتینە ئەم ئەنجامەی کەوا یاساکانی باج هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پێناسەی تۆمارکردن دەکەن، بەوەی ( نموونەیەکە لەلایەن کارگێڕی باجەکان بۆ ئەم باجدەرە دانراوە،کەوا خۆی**

تۆمار دەکات، جا ئەمر باجدەرە کەسێکی ئاسایی بێت، یان مەعنوی بێت، (الفقرة (ج) من المادة 36من قانون ضريبة المبيعات الاردني) ، کەوا ئەمر کەسە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەلوپەلێك یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەك، کە باجی فرۆشراوەکانی لەسەری سەپێندراوە، کاتێك ئەمر باجدەرە بڕی فرۆشتنەکەی دیاری دەکات، لەمر فۆڕمەی پڕی دەکاتەوە، ئەوە بەگوێرەی ئەمر بڕە باجی فرۆشراوەکانی لێ وەردەگیرێ، بەمر ڕێژەیەی یاسا دیاریکردووە.

یاسادانەری عێراقی ئەحکامەکانی تۆمارکردنی ڕێکنەخستووە، نە لە بڕیاری ژمارە 36 ساڵی 1997 و نە لە یاساکانی بودجە ئەمر بابەتە ڕێکنەخراوە ، بەڵامر لە عێراقدا تۆمارکردن ڕێکخراوە بە گوێرەی ئەمر ڕێنماییانەی لەلایەن دەستەی گشتی باجەوە تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان دەردەچێت، لە مادەی (27) لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە 113 ساڵی 1982 دا لە چەند بڕگەیەك باسی خۆ تۆمارکردن دەکات، بە جۆرێك لە بڕگەی یەکەمی ئەمر مادەیەدا هاتووە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی کارگێڕیی داوا بکات لە هەر کەسێك، کەوا باجی دەکەوێتە سەر، ئەمر کەسە ڕاپۆرتێك لەسەر داهاتەکانی لەماوەی 21 ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی پێشکەش بکات، جا ئاگادارکردنەوەکە لەڕێگەی بانگکردنی ڕاستەوخۆ بێت یان بە هەر ڕێگایەك بێت لە ڕێگاکانی بڵاوکردنەوە ، جا ناوی ئەمر کەسە لە فەرمانگەی باج تۆمارکرابێت یان نا، ئەمە لە یاسای باجی دەرامەت باسی کردووە (المادة 27 من القانون الضريبة الدخل الغراقي).

کەواتە گەیشتن بەمر ئەنجامەی یاسادانەری بابەتی تۆمارکردنی باجدەرانی لە یاسایەکی تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان ڕێکنەخستووە، و لە هەندێك حاڵەتدا هەندێك پێشانگای گەورە یان بچووك خۆیان تۆمار ناکەن، بە هۆکاری ئەوەی باجدەر ڕەتی دەکاتەوە، کەوا باجی فرۆشراوەکان بدات یاخود باجدەر ڕاپۆرتێکی بەنرخی ناڕاست پێشکەش بە فەرمانگەی باج دەکات و نرخە ڕاستەقینەکە دەشارێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی خۆدزینەوە لە باجدان.

لەکۆتاییدا پێویستە لەسەر ئەمر کەسەی باجدەرە بچێت خۆی تۆماربکات، بە گوێرەی ئەمر نموونانەی کەوا لەلایەن کارگێڕی باج ئامادەکراوە، ئەگەر باجدەر نەچێت، ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە وکەموکووڕی و نادادپەروەری لە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان، وە ئەمەش هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد کێشەیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەمەشدا یاسادانەری عێراقی هەڵنەستاوە بە ڕێکخستنی ئەحکامەکانی خۆتۆمارکردنی باجدەر لە باجی فرۆشراوەکان نە لە بڕیاری ژمارە 36 ساڵی 1997 نە لە یاساکانی بودجەی فیدڕاڵی، کە ئەمەش بە کەموکووڕی لەمر بابەتەدا دادەنرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورە لەکاتی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان لە کوردستان و لە عێراقدا.

بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین یاسادانەری عێراقی لە داهاتوودا لەکاتی دانانی یاسایەکی تایبەت بە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان سەرجەمر ئەحکامەکانی سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان، بە تۆمارکردنیشەوە لەمر یاسایە ڕێکخات یاخود لە بودجەکانی ساڵانی داهاتوودا، تاوەکو هیچ کەموکووڕییەك نەمێنێتەوە لە بابەتەکە و ڕێگە بگیرێت لە سەرهەڵدانی دیاردەی خۆدزینەوە لە باج.

**کۆتایی:**

دوای ئەوەی لە توێژینەوەکەمان دەربارەی کێشەکانی جێبەجێکردنی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق بووینەوە، گەیشتینە کۆمەڵێك دەرەنجامر و پێشنیار، کەوا لەخوارەوە لەمیانەی دوو بڕگەی سەربەخۆدا گرینگترینیان دەخەینەڕوو :

**یەکەمر - دەرەنجامەکان :**

1. بۆمان دەردەکەوێت نە لە عێراق و نە لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەکی تایبەتمەند نییە، کەوا بابەتی باجی فرۆشراوەکان بەشێوەکی وورد و بێ کەموکووڕی ڕێکبخات، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەیە بە ژمارە 36 ساڵی 1997 لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٩٦ ساڵی ٢٠٢١ ئەنجوومەنی

**وەزیرانی هەرێمی کوردستان ، سەبارەت بە سەپاندنی ئەم باجە و لەگەڵ یاساکانی بودجەی عێراقی، تیایدا باس لە سەپاندنی باجی فرۆشراوەکان دەکات.**

2. **باجی فرۆشراوەکان دەسەپێندرێت لەسەر بەشێك لە کەلوپەل و خزمەتگوزاری و بڕی ئەم باجەی دێتە سەری بەگوێرەی جۆر و گرنگی کەل وپەلەکە یان خزمەتگوزاریەکە دیاری دەکرێت، بەجۆرێك ئەم باجە بە ڕێژەیەکی بەرز لەسەر کەلوپەلی جوانکاری ناپێویست بۆ کۆمەڵگا دەسەپێندرێت و بەرێژەیەکی کەم لەسەر کەل وپەلی پێویست و بنەڕەتیەکانی ژیانی ڕۆژانە دەسەپێندرێت، و هیچ ڕێژەیەك لە باجی فرۆشراوەکان وەرناگیرێت لەسەر کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانی هەناردەکراو بۆ دەرەوە، بەمەبەستی هاندانی وەبەرهێنانە.**
3. **باجی فرۆشراوەکان لەلایەن هۆبەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ وەردەگیرێت لە فەرمانگەی باج، بەڵام سەبارەت بە هۆتێل و ڕێستۆرانتە پلە یەکەکان نایابەکان و خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل، ئەمە باجی فرۆشراوەکان لەلایەن کارگێڕی ئەم شوێنانە وەردەگیرێت، واتا خۆیان باجی فرۆشراوەکان وەردەگرن و کۆی دەکەنەوە، کە بەشێوەیەکی مانگانە لە 10 ڕۆژی سەرەتایی هەر مانگێك دەبێت بیبەن بۆ فەرمانگەی گشتی باجەکان و بیدەن بە هۆبەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ.**
4. **باجدەر ناچارە هەڵبستێت بە خۆتۆمارکردن لەلای کارگێڕی باج، کاتێك قەبارەی فرۆشتنەکەی دەگات بە سنووری تۆمارکردن ، وە یاساکانی باج لە دیاریکردنی ئەم سنورە جیاوازن ، و خۆتۆمارکردنی باجدەریش لەلایەن کارگێڕی باج دەبێت بە پێی فۆڕمێکی دیاریکراو، کەوا لەلایەن کارگێڕیی باجەوە بەپێی ئەم ڕێوشوین و مەرجانە ئامادەکراوە، کەوا لەلایەن یاساکان و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە باجی فرۆشراوەکان دیاریکراوە.**
5. **باجی فرۆشراوەکان لە ڕێگای ئەم دانپێدانانە دەخەملێندرێت، کەوا لەلایەن باجدەر پێشکەش دەکرێت،کە ئەمە ڕێگایەکە زیاتر لەلایەن یاساکانی باج پشتی پێ دەبەسترێت، کە تیایدا باج وەردەگیرێت بەگوێرەی ئەم ماوەیەی لەیاسادا دیاریکراوە.**

**دووەم - ڕاسپاردە و پێشنیارەکان :**

**لە دەرەنجامی توێژینەوەکەمان گەیشتین بەم پێشنیارانەی خوارەوە، لەپێناو زیاتر ڕێکخستن و بەرەو پێشبردنی بابەتی باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، پێشنیارەکانیش :-**

1. **پێشنیار دەکەین بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ باجی فرۆشراوەکان، کەوا لەلایەن کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون لە بواری باج ئامادە کرابێت، وەکو کەسانی ( ژمێریار ، شارەزایی ئەلیکترۆنی ،کەسانی پسپۆڕی یاسای باج ).**
2. **پێشنیار دەکەین بە فراوانکردنی سنوری جێبەجێکردنی یاسای باجی فرۆشراوەکان بەم پێیەی ئەم باجە باجێکی ناڕاستەوخۆیە، دەبێت لەسەر هەموو کەلوپەلێك بسەپێندرێت، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بە یاسا پەراوێز خراون، بۆ ئەوەی دەوڵەت داهاتێکی زیاتری دەست بکەوێت، بەجۆرێك داهاتەکە زیاتر بێت لە داهاتی نەوت و داهاتی باجی ڕاستەوخۆ، هەروەها پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆ بکرێت، ئەویش بە دانانی باجێکی زۆر لەسەر کەلوپەلی هاوردەکراو و کەلوپەلی جوانکاری و خەرج کردنی داهاتی باجەکە لە ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان، بەتایبەت ئەم پڕۆژانەی بەشداری دەکەن لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات.**
3. **پێشنیار دەکەین بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان، کە پێك بێت لە بەش و هۆبەی جیاواز ، لەبری ئەوەی پاشکۆ بێت بۆ بەشی لێبڕینی ڕاستەوخۆی تایبەت بە باجی دەرامەت.**

4. پێشنیار دەکەین بە ناچارکردنی هەموو ئەو کەسانەی پیشەکەیان بریتییە لە فرۆشتنی کەلوپەل یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەڵبستن بە دانانی بەرنامە و سیستەمێکی ژمێریاری یەکگرتوو، کەوا لەلایەن دەستەی گشتی باجەکان دابندرێت، و ئەو سیستەمەش ببەسترێتەوە بە پرۆگرامێکی ناوەندی لە دەستەی گشتی باجەکان، بەجۆرێك هەموو کردارێکی پاشەکەوت و دەرچوونی تیادا تۆمار بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەین بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان بە زووترین کات سیستەمی کاشیری ئۆنلاین ئامادەبکات بۆ ئەوەی رێگری بکات لە خۆدزینەوەی باجدەران بە شێوەی بەشی یان هەمووی لە لایەك، وە لە لایەکی تر بۆ پاراستنی داهاتی گشتی وولات و پرکردنەوەی خەرجیە گشتیەکان.
5. ئامانجی بنەڕەتی لە باج دا بریتییە لە کۆکردنەوەی داهات، بۆیە لێرەدا پێویستە ڕێگاکانی کۆکردنەوەی باج و مەرجەکانی و جۆرەکانی و چۆنیەتی خەمڵاندنی نرخی باجەکە وە دیاریکردنی باجدەرەکانی، کە دەبێت باجی فرۆشراوەکان بدەن وە دیاریکردنی مافەکان و ئەرکەکانی باجدەر، بۆیە پێشنیار ئەمانە هەمووی بە یاسا دیاری بکرێت، و لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبکرێتەوە، تاوەکو هەموو کەس زانیاری لەسەری هەبێت، و ببێتە ڕێگر لە بەردەم سەرهەڵدانی دیاردەی خۆدزینەوە لە دانی باجی فرۆشراوەکان.
6. کردنەوەی ناوەندێکی تایبەت بە پێگەیاندنی کادیرانی باج، واتە دروستکردنی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری باج، کە ئەمەیان گرینگیەکی زۆری لە بواری باجدا هەیە، و دەبێ هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی کۆکردنەوە و خۆدزینەوەی باج.
7. دانانی پرۆگرامی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان دەربارەی باجەکان بەگشتی و باجی فرۆشراوەکان بەتایبەتی، و پەخشکردنی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکرێتەوە، گرنگی ئەو باجەی دەیدەن لە دابینکردنی داهات بۆ خەرجیە گشتیەکانی دەوڵەت، کە مەبەست لێیان هێنانەدی بەرژەوەندی گشتییە .
8. دانانی لێژنەی چاودێری مەیدانی بۆ سەردانیکردنی ئەو شوێنانەی باجی فرۆشراوەکانیان لەسەر سەپێندراوە، وەکو پێشانگا و چێشتخانە و هۆتێلەکان، سەردانەکانیان بەشێوەی لەناکاو بێت، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی خۆدزینەوەی باج لە لایەك، و ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی نارەوا لەنێوان خاوەنی ئەو شوێنانە لەگەڵ فەرمانبەرانی باج لە لایەکی تر.
9. پێمان باشە کە باجی فرۆشراوەکان بسەپێندرێت، چونکە ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ حکومەت لە پڕکردنەوەی بەشێك لەو خەرجییانەی لەسەر حکومەتە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی قورسایی باج، بەڵام پێمان باشە ئەو باجە تەنیا لەسەر ئەو کەلوپەلانە بێت کە پێویست نین، وەکو کەلوپەلی جوانکاری و هەندێك شوێنی تر بێت، کەوا تەنیا کەسانێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنن، وەکو دانانی باجی فرۆشراوەکان لە یانەکانی شەوان و شوێنەکانی خواردنەوەی کحولی و جگەرە و کافتریاکان و شوێنەکانی مەساج و سەنتەرەکانی جوانکاری.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم - پەرتووکەکان:**

1. أعاد محمود القيسي ، المالية العامة والتشريع الضريبي ، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان ،الأردن ، 2011.

2. أيمن حداد و عمر بني أرشيد ،محاسبة الضريبة وطبيعة وخصائص ضريبة المبيعات ، دار الصفاء للطباعة والنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن ، 2010.
3. خالد عبدالعليم سيد عوض ، الضريبة العامة على المبيعات مشكلات وحلول ،دار إيتراك للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة، 2008.
4. خيري مصطفى كتانة ، اتجاهات الإيرادات الضريبية في الأردن والعوامل المؤثرة بها ، الطبعة الأولى ، مكتبة الشباب ، عمان ، الأردن ،1998 .
5. رائد ناجي أحمد ، علم المالية العامة والتشريع المالي في العراق ، دار العاتك لصناعة الكتب ، القاهرة ، مصر ، 2012 .
6. رضا صاحب أبو حمد ، علم المالية العامة ، دار الجامعية ، البصرة ، العراق ،2002 .
7. زكريا محمد بيومي ،شرح قانون الضريبة العامة المبيعات وحل المشكلات التي يثيرها القانون ، مكتبة شادي للنشر والتوزيع ،القاهرة ، مصر ،1991 .
8. سعيد عبدالعزيز عثمان ، النظام الضريبي وأهداف المجتمع ، دار الجامعية للنشر ، مصر ،2008.
9. سعيد عبدالعزيز و شكري رجب ، اقتصاديات الضرائب ، دار الجامعية ، الاسكندرية ، مصر ، 2010 .
10. سوزي عدلي ، علم المالية العامة ( نفقات – الموازنة العامة )، منشورات الحلبي الحقوقية ، بيروت ، لبنان ،2009.
11. شريف يوسف خاطر ، القرار الأداري ، الطبعة الثانية ، دار النهضة العربية ' القاهرة - 2009 .
12. عاتف حسن النقلي، مبادئ الاقتصاد المالي، مكتبة النصر بالزقازيق،المصر،2002.
13. عادل فليح علي ، المالية العامة والقانون المالي والضريبي ، المكتبة العالمية للكتاب الجامعية ، بيروت ، لبنان ،2008 .
14. عزت عبدالحميد البرعي، المبادئ العامة للتشريعات الضريبية، دار الولاء للنشر والتوزيع ، لبنان، 2002.
15. عصام بشور، المالية العامة والتشريع المالي، مطبعة الروضة للنشر والطباعة، دمشق، سوريا ، 1993 .
16. محمد شعبان إمام سيد ، الأحكام القانونية للضريبة العامة على المبيعات ،الجزء الأول ، دار مناهج للنشر و التوزيع ،عمان ، الأردن،2016 .
17. منصور البديوي – محمد البابلي ، محاسبة الضريبة ، دار الجامعية ، الاسكندرية ، مصر، 2004.
18. عباس محمد نصرالله ، نظرية العامة للضريبة والتشريع الضريبي ، دار زين للمنشورات الحقوقية والادبية، بيروت، لبنان،2015.

**دووەم - توێژینەوەكان :**

1. صالح حسن كاظم ،مكافحة التهرب الضريبي ضرورة ملحة في الحد من الفساد ، البحث الموقع الاليكتروني هيئة النزاهة www.nazaha.iq ،تأريخ الزيارة 2022/12/29.
2. صباح صابر محمد خوشناو، د.كمال أنور يابه، تحليل وقياس أثر التشريع والوعي الضريبي على الثقة بين المكلف الإدارة الضريبية في المديرية العامة للضرائب في إقليم كوردستان - دراسة ميدانية، البحث المنشور في مجلة زانكو للعلوم الإنسانية، المجلد 22، العدد 2 ، كلية الإدارة والإقتصاد، جامعة صلاح الدين، أربيل، العراق، 2018.

3. علاء حسين علوان ، دور عالم في تنمية الوعي الضريبي للمواطن العراقي دراسة تطبيقية في الهيئة العامة للضرائب ، بحث منشور في مجلة دراسات محاسبية ومالية ،المجلد الثاني عشر، العدد 41 ، 2017،
4. يسرى مهدي السامرائي، تحليل التهرب الضريبي ووسائل معالجته في النظام الضريبي العراقي، بحث منشور في مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد الرابع، العدد التاسع،2012 .
5. يسرى مهدي حسن السامرائي و م.م.زهرة خضير عباس ،تحليل ظاهرة التهرب الضريبي ووسائل معالجته في النظام الضريبي العراقي، بحث منشور في مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية والادارية ،المجلد 4 ،العدد 9 ، 2012.

سێیەم - نامەکانی ماستەر:

1. إبراهيم فالح احمد، موضوعية قرار مأمون التقدير الجزافي في فلسطين، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، 2003 .
2. زينب زكي خماس , أثر طرق التقدير الضريبي في زيادة الحصيلة الضريبية, رسالة دبلوم عالي، المعهد العالي للدراسات المحاسبية والمالية, جامعة بغداد, 2014.
3. علي كريم راضي فيروز،تأثيرالضريبة المبيعات في ربحية الشركات الاتصالات (دراسة تطبيقية في شركتي اسيا سيل وزين العراق للاتصالات )، رسالة دبلوم عالي ، المعهد العالي للدراسات المحاسبية والمالية ، جامعة بغداد ، 2008.
4. مروج طارق حسن جواد، تقدير الوعاء الضريبي باستخدام طريقة التـقدير الذاتي- بحث تطبيقي في الهيئة العامة للضرائب"، رسالة دبلوم عالي ، المعهد العالي للدراسات المحاسبية والمالية، جامعة بغداد، 2007.
5. ميسون عبدالكريم احمد, تقويم إجراءات الإقرار عن ضريبة الدخل للحد من التهرب الضريبي, رسالة دبلوم عالي، المعهد العالي للدراسات المحاسبية والمالية، جامعة بغداد، 2014.

چوارەم- تێزەکانی دکتۆرا:

1 . ذولفقار علي رسن الساعدي ، الضريبة على القيمة المضافة وتطبيقها ، اطروحة دكتوراه ، كلية الحقوق ،جامعة النهرين ،العراق، 2007 .
2 . محمود جمام، النظام الضريبي وآثاره على التنمية الاقتصادية، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، جامعة محمود منتوري، قسنطينة، 2009 -2010.
3 . محمد شعبان إمام سيد، الأحكام القانونية للضريبة العامة على المبيعات مدى ملاءمتها للطبيق في الدول النامية، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق، جامعة بنها، الجزائر، 2014.

پێنجەم- دەستورەکان:

1. دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی 2005 .

شەشەم - یاساکان:

1 قانون الخدمة المدنية العراقيه رقم 24 لسنة 1960
2 القانون الضريبة الدخل العراقي رقم 113 سنة 1982.
3 القانون انضباط موظفين الدولة رقم 14 سنة 1991.
4 القانون الضريبة المبيعات الاردني رقم 6 سنة 1994.

5 قرار مجلس قيادة الثورة المنحل رقم 36 لسنة 1997، بشان فرض ضريبة المبيعات على الخدمة المقدمة في مطاعم وفنادق الدرجة الاولى والممتازة في العراق.
6 القانون الضريبة المبيعات اليمني رقم 19 سنة 2001.

حەوتەم - بودجەكان:
١ . قانون رقم 1 الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2019، والمنشور في جريدة الوقائع العراقية، العدد 4925، في 2019/2/11.
هەشتەم: ڕێنماییەكان:
1. تعليمات رقم ( 7 ) لسنة 1997 بشأن استيفاء ضريبة المبيعات في العراق .
2. تعليمات رقم 5 لسنة 2015 بشأن فرض وجباية ضريبة المبيعات في العراق منشور في الوقائع العراقي العدد 4363 في تأريخ 2015/5/4.
3. تعليمات رقم ( 9 ) الحكومة إقليم كوردستان بإعادة تنظيم الضريبة والرسومات في إقليم كوردستان في تاريخ 2021/6/22 المنشور في الجريدة الرسمية وقائع كوردستاني رقم 267 بتاريخ 2021/6/24.

نۆیەم - نووسراوە فەرمیەكان:
1. كتاب هيئة العامة للضرائب بخصوص استمارات ضريبة المبيعات المرقم 1253/8 في 2018/5/6.

دەیەم - چاوپێكەوتنی كەسی:
1. المقابلة الشخصية مع السيد هونر محمد عثمان ، مدير الشعبة الاستقطاع المباشر في المديرية العامة الضرائب الاقليم كوردستان ، تأريخ الزيارة 2023/1/10.
2. مقابلة الشخصية مع السيد هاوري بختيار ، مدير الرقابة والتدقيق والتفتيش في المديرية العامة للضريبة ، تاريخ الزيارة 2023/1/10.

یازدەیەم - سەرچاوە ئەلیكترۆنیەكان :
1. .joshua s.Goldestin ,war and economic history, the oxford Encyclopedia economic history ,Oxford university ,press.

2. سعود جايد مشكور ، ضريبة المبيعات اهدافها وخصائصها ومعالجتها المحاسبية ، قسم المحاسبية ،كلية الادارة والاقتصاد ،جامعة المثنى ، المقالة منشورة على الموقع الالكتروني، https://www.researchgate.net/publication تاريخ الزيارة 2022/12/24
3. عبده حسن الوجيه ،المقالة على التهرب الضريبي ، مجلة الوعي الضريبي اليمني ،عدد41،سنة2009 ،المنشورعلى الموقع www.tax.gov .

4. على حمود العديني ، مميزات الضريبة العامة على المبيعات ، مقالة منشورة على الموقع الالكتروني لمجلة منتدى الضرائب العدد 9و10،
5. نوفل غني،ماهية اهم خصائص الضريبة العامة على المبيعات ،مقالة المنشورة على الموقع الالكتروني، https//specialties.bayt.com/ar/specialties /dashboard/ ،تاريخ الزيارة 2023/1/3.

# إشكالية تطبيق ضريبة المبيعات في إقليم كوردستان – العراق
## دراسة تحليلية قانونية

أ.م.د. كمال أنور يابة
كلية قانون/ جامعة صلاح الدين
kamal.yaba@su.edu.krd

محمد عبدالقادر صالح
كلية قانون/ جامعة صلاح الدين
mohammed.shexany@gmail.com

ملخص

ضريبة المبيعات هي ضريبة عامة، وتفرض على معظم طبقات المجتمع، إن نقل العبء الضريبي يتم من البائع إلى المستهلك النهائي عند شراء هذه المواد، أو عند استهلاك هذه الخدمة، وهناك فرق بين هذه الضريبة مع ضريبة القيمة المضافة، لأن ضريبة القيمة المضافة تفرض على جميع مراحل الإنتاج فيما يتعلق بالوصول إلى المستهلك. نظراً لعدم وجود تنظيم قانوني موحد لضريبة المبيعات في إقليم كوردستان والعراق، ماعدا هذه القرارات والتعليمات العراقية لعام 1997 لفرض ضريبة المبيعات على الفنادق والمطاعم ذات الدرجات الممتازة، وأيضاً في الموازنات العامة تلو الأخرى للدولة العراقية من سنوات 2015 إلى 2021، وفي إقليم كوردستان بقرار رقم 96 لسنة 2021 لمجلس الوزراء والتعليمات المالية رقم 9 لسنة 2021 لوزارة مالية إقليم كوردستان، وكل هذه تشير إلى فرض ضرائب المبيعات وأسعارها، ونظمت بصورة مبعثرة وغير منظمة، أما المسائل الأخرى، مثل واجبات وحقوق المكلف، وتنظيم وطعن وكيفية معاقبة المكلف تحال إلى قانون ضريبة الدخل، والذي يختلف كثيراً عن ضريبة المبيعات من حيث الفرض، مما ينتج عنها مشاكل قانونية وفنية .لذلك يجب أن يكون هناك قانون لضريبة المبيعات يتضمن جميع الأحكام، ويتم إعداده من قبل خبراء وأصحاب خبرة في مجال الضرائب. لهذا الغرض في هذا البحث، سنركز على موضوعين أساسيين. في الموضوع الأول، نتحدث عن التعريف بضريبة المبيعات. والثاني، نركز على المشاكل القانونية والفنية أمام قوانين ضرائب المبيعات في إقليم كوردستان - العراق.

الكلمات المفتاحية: ضريبة المبيعات، التسجيل،السلع والخدمات، ضريبة نسبية، ضريبة غير الماشرة

# The Problems of Implementing the Sales Tax in the Kurdistan Region - Iraq
## A legal analytical study Research

Assistant Prof. Dr. Kamal Anwar Yaba
Collage of Law/ Salahaddin University - Erbil
kamal.yaba@su.edu.krd

Mohammed AbdulQader Saleh
Collage of Law/ Salahaddin University - Erbil
mohammed.shexany@gmail.com

## Abstract

**The sales tax is a general tax imposed on most of the individuals and classes of the society. The tax is transferred from the person selling to the end consumer when he/she buys or uses. This tax is different from value added tax (VAT) because VAT is levied on all stages of production until it reaches the end user. Due to the lack of specific and unified laws governing the sales tax in Kurdistan Region and Iraq except the existing laws and regulations in 1997 in Iraq which imposed the sales tax on only highly rated hotels and restaurants, and the consecutive budgets of the State of Iraq from 2015 until 2021, and in Kurdistan Region in accordance with decree no.96 of Ministers Council in 2021, and financial regulation no.9 of Ministry of Finance and Economy in 2021 which only covers the obligation of the sales tax and the rate, albeit not in a specified manner. Other aspects such as rights and duties of the taxpayer, the organization, appeal procedures, the process of penalizing a violating taxpayer and the other matters will be transferred to Income Tax Laws which is has a big difference with sales tax in terms of imposition and this leads to legal and technical issues. It is, therefore, critical to have enacted a particular law pertaining the sales tax to include all the rules and regulations and has been drafted by experts and prominent people in the field of taxation. For this purpose, this research will shed light on two key aspects. This first one will be devoted to introduce the sales tax and the second one will present the legal and technical issues of the sales tax in Kurdistan Region of Iraq.**


**Key words: sales tax, registration, goods and services, proportional tax, indirect tax.**